# ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە بە بۆنەی ۸ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ۲۸ ساڵ دەسەڵاتی خۆی بە سەرکوت و پێشێل کردنی ماف و کەرامەتی مرۆڤی ژن لە ئێران تێپەڕ کرد. کۆماری ئیسلامی لە چوارچێوە و مکانیزم و یاسای جوراوجۆردا، لە یاسای بنەماڵەوە بگرە تا دەگاتە بێبەش کردنی ژنان لە کار و خوێندن لە بەشێک لە بوارەکاندا، لە داسەپاندنی یاسای ڕەشی "حیجابی زۆرەملی" بگرە تا دەگاتە بێبەشی و هەڵاواردنی بەرین و بەربڵاوی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئاپارتایدی جنسی و ڕەگەزی، بناغە و بنەمای سونەت و کولتوری پیاوەزنی و دژایەتی ژنانی لە هەر دەور و زەمانێک زیاتر چڕتر و تۆکمەتر کردوە.

بەڵام ژنانی ئێران بە گەشتی و ژنانی کۆرد بەتایبەتی یەکێک لە دژوارترین و لە هەمان کاتدا پڕئەزموونترین سەردەمی خەباتی خۆیان تێپەڕ کرد. ئاخێزیان کرد و راسان، گیران و ئازار و ئەشکەنجە دران، گیانیان بەخت کرد و بەمجۆرە مۆری خەبات و کۆڵنەدانی خۆیان لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ئەو سێ دەیە لە مێژووی ئێران دا و بە پێکهێنانی ئاڵوگۆڕی نەک زۆر گەورە، کاریگەریی خۆیان لە سەر فەزای سیاسی و بردنەسەری ئاستی وشیاری و فەرهەنگی گشتی داناوە. بارودۆخی روو لە گەشەی ژنان یەکێک لەو خاڵە بەهێزانەیە کە پێچەوانە بوونی ڕژیمی سەرەڕۆی ئیسلامی لە حاست سەرکەوتن و پێشکەوتنەکانی دونیای پێشکەوتووی سەدەی ۲۱ بە ڕوونی نیشان دەدا. ژنان لە زۆربەی بوارەکاندا زۆر بە خێرایی گرەوی کێبەرکێیان لە وەرگرتنی پلەی باڵای خوێندن لە هاوکارە پێاوەکانیان بردۆتەوە، تا ئەو جێیەی کە ڕژیم ناچار بووە بە پەسند کردنی یاسای تایبەت پێش بە ڕەوتی روو لە گەشە و پێشکەوتنی ژنان بگرێ. سەرەرای ئەو گشتە بەربەست و کۆسپانە، هەڵسووڕان و بەشداری ژنانی نووسەر، سیاسەتوان، ئەدیب، شاعیر و هەڵسووڕاوی کۆمەڵایەتی، هەر بەربڵاوتر دەبێ و روو لە هەڵدانە.

لە کوردستان سەرەڕای بێبەشی فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کە سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ستەمی نەتەوایەتی، ژنان بە گەشە و پێشکەوتنی بەرچاو گەیشتوون. ئەوان تۆیشەیەکی پڕ لە خەبات، حەماسە و ئەزموونیان بۆ منداڵان و نەوەکانی داهاتوو بە دیاری هێنا. هەزاران ژنی زەحمەتکێشی کورد لە ماوەی ۲۸ ساڵ خەبات و بەرەنگاری جەماوەری دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی حەماسەیان خوڵقاند، سەدان ژنی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ لە مەیدانەکانی ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ هێزە سەرکوتگەرەکانی ڕژیمی دیکتاتۆری دەسەڵاتدار لە پێناو ئازادیدا گیانیان بەخت کرد. ئەمڕۆش گەلێک لە هەڵسووڕاوانی ئەدەبی، هونەری، سیاسی و خەباتگێرانی فیمینیست لە کوردستان بوار بە بیروبۆچوون و باوەڕە کۆنەکان نادەن و لە هەموو کات زیاتر تەنگیان پێ هەڵچنیون.

ژنانی کورد هاوڕێ لەگەڵ هاوبیرانی خۆیان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بە ئیمزا کردنی تۆماری ملیۆنێک ئیمزا، جارێکیتر بەرەورووی یاساکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و ئاپارتایدی جنسی و ڕەگەزپەرستی بوونەوە و لەو پێناوەشدا پشتیوانییەکی بەرینیان تەنانەت لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بۆ خەباتی خۆیان کۆکردەوە و سەرنجەکانیان بەرەو خۆیان ڕاکێشا.

بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان و ناوچەکانیتری ئێران بۆ پساندنی کۆت و بەندی کۆیلەتی پیاومەزنی و ئایینی بە درێژایی نزیکەی سێ دەیە، ئەویش لە ژێر زەخت و دەسەڵاتی هارترین ڕژیمدا، لێوەشاوەیی زۆری لە خۆی نیشان داوە و هێشتاش لە گشت بزووتنەوەکانیتر بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ ئامادەترە. بەڵام بە هۆی پرژوبڵاوی و نەبوونی هاوئاهەنگی لەم بزووتنەوەیەدا، هێشتاش هەموو تواناییەکانی خۆی نیشان نەداوە. ئێستا کە ڕژیمی ئێران کەوتۆتە ژێر زەختی خەباتی ڕوو لە گەشەی ناوخۆ و هەروەها زەخت و گوشاری نێونەتەویی، یەکگرتووی و یەکێتی ئەم خەبات و تێکۆشانە لە هەر کاتێکیتر زیاتر پێویستە. دەبێ هەوڵی زۆر و بەپەلە بدەین تاکوو ڕووباری ئەم بزووتنەوە و نارەزایەتییە بەربڵاوانەمان بڕژێنینە دەریای خەباتێکی هاوبەش. بە دانی پلان و بەرنامەی باش و گونجاو بۆ بزووتنەوەی ژنان هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدەین و هەنگاو بنێین و بە ئامادەکاریی سیاسی و پلانێکی گونجاو ڕێگا خۆشتر بکەین بۆ بەشداری پتر لە چارەنووسی خۆمان و پێکهێنانی هەلومەرجێکی چاکتر بۆ نەخش و ڕۆڵی ژنان لە داهاتوودا و لە ئەگەری هەر ئاڵوگۆڕێکدا.

ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە سیاسەتەکانی حیزبی کۆمەڵە بۆ پشتیوانی لە داوای بەرابەری خوازی و ڕزگاریدەری ژنان کە بە درێژایی ٢٨ ساڵی ڕابردوو بێوچان لە سەری سوور بووە خەباتی بۆ کردوە، بە شێوەی بەردەوام و ڕێکخراو درێژە پێدەدا و دەباتە پێش. بەمبۆنەوە داوا لە ژنانی کوردستان دەکەین لەم هەلومەرجە هەستیارەدا هاوکاری زیاتری ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە بکەن.

## لە ٨ی مارسی ئەمساڵدا دەنگی نارەزایەتی خۆمان یەکدەنگ و یەکگرتوو دژی زوڵم لە ژن بەرزتر هەڵدەبڕین.

### پیرۆز بێ ٨ی مارس ڕۆژی جیهانی ژن

### سەرکەوتووبێ بزووتنەوەی ئازادی و ڕزگاری ژن

**ڕێکخراوی ژنانی کۆمەڵە**

**مارسی ١٣٨٥- ٢٠٠٧**


http://jinany.komala.org/
www.komala.org
**E-mail:** jinan@komala.org